# نیکۆلاس نیکڵبی

(دەق کورت کراوەتەوە)

چاڵز دیکێنز

وەرگێڕ: زاهیر قادرزادە

www.ketab.ir

| | |
|---|---|
| سرشناسه | : دیکنز، چارلز، ۱۸۱۲ - ۱۸۷۰م. Dickens, Charles |
| عنوان و نام پدیدآور | : نیکولاس نیکلبی |
| مشخصات نشر | : مهاباد: هیوا ، ۱۳۹۴. |
| مشخصات ظاهری | : ۱۶۷ ص.: مصور؛ ۱۴/۵ × ۲۱/۵ س م. |
| شابک | : ۹۷۸-۹۶۴-۷۹۷۰-۸۰-۸ |
| وضعیت فهرستنویسی | : فیپای مختصر |
| یادداشت | : فهرستنویسی کامل این اثر در نشانی: http://opac.nlai.ir قابل دسترسی است. کتاب حاضر از متن فارسی تحت عنوان "نیکولاس نیکلبی" به کردی برگردانده شده است. |
| یادداشت | : عنوان اصلی: Nicholas Nickleby |
| شناسه افزوده | : قادرزاده، عبدالرحمن (زانیار)، ۱۳۶۵ |
| شماره کتابشناسی ملی | : ۳۸۸۱۵۱۷ |

نیکۆلاس نیکڵبی
نووسەر: چارڵز دیکێنز
وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە بۆ فارسی: موحسین سەرلەیمانی
وەرگێڕان لە فارسییەوە بۆ کوردی: زانیار قادرزادە
پێداچوونەوە: د. ڕەهبەر مەحموودزادە
پیتچن: شادی ئارامیدە
ڕووبەرگ: فاتمە بەکری
ساڵی چاپ: ١٣٩٤ی هەتاوی
بەرگەژمێر: ۱۰۰۰
نرخ: ۱۰۰۰۰ تمەن

ئیمەیلی وەرگێڕ: zanyar.qaderzadeh@gmail.com

www.ketab.ir

# پێرست


| | |
|---|---|
| بنەماڵەی نیکلبی ........................................ | ١ |
| چۆن ڕاڵف نیکلبی هەواڵی ناخۆشی پێگەیشت؟ .................. | ٧ |
| ئاغای ڕاڵف سەردانی خزمەکانی دەکا ........................ | ١٥ |
| چاوپێکەوتنی نیکۆلاس و ئاغای ڕاڵف لەگەڵ.................... | ٢٧ |
| نیکۆلاس بەرەو یۆرکشایر وەڕێ دەکەوێ ...................... | ٣٧ |
| دەوونە قوتابخانە ........................................ | ٤٣ |
| بەیانیانی دات بویزهاڵ ................................... | ٥٣ |
| ژیان لەگەڵ ئاغای سکۆویرز ................................ | ٦١ |
| دوانیوەڕۆی قوتابخانە .................................... | ٦٥ |
| چۆن ئاغای ڕاڵف نیکلبی خەرجیی برازا و براژنی دا؟ ............ | ٧٣ |
| ڕووداوگەلی نوێ لە دات بویزهاڵ ........................... | ٨١ |
| گەڕانەوەی نیکۆلاس بۆ لەندەن ............................. | ٩٥ |
| ڕووداوەکانی لەندەن و سەفەر بۆ باشوور..................... | ١٠٥ |
| هاوڕێ نوێیەکانی نیکۆلاس.................................. | ١١٩ |
| نیکۆلاس و خاتوونی جحێڵ .................................. | ١٢٥ |
| قۆڵبەستکردن و هەلاتن .................................... | ١٣١ |
| ئاغای سنەیولی ........................................... | ١٣٥ |
| ئاغای ڕاڵف سەردانی دوو کەس لە دۆستانی.................... | ١٤١ |
| پیلانییەدفەڕانە و کۆتایی‌یەکی کوتوپڕ........................ | ١٥١ |
| دادگەری چۆن بەرۆکی......................................... | ١٥٧ |
| سمایک و ئاکامێکی خەمهێنەر ................................ | ١٦١ |
| کۆتایی بەسەرهات ......................................... | ١٦٥ |


www.ketab.ir

## پێشەکی

چارلز دیکینز ڕۆژی ٧ی فێوریەی ساڵی ١٨١٢ لە شاری 'لەند پۆرتس‌مۆسی' وڵاتی 'ئینگلستان' لە دایک بوو. چارلز لە تەمەنی نۆ ساڵی‌دا بۆ ماوەیەکی کورت توانی بچێتە قوتابخانە. باوکی لەبەر ئەوەی زۆر قەرزدار بوو و قەرزی خەڵکی پێنەدەدراوە، زیندانییان بۆ بڕییەوە و چارلز لە ناچارییان بۆ دابین‌کردنی بژیوی ژیانی بنەماڵەکەی، ڕووی لە کارخانەیەکی بۆیاغسازی کرد تا لەوێ کار بکا. پاش سێ ساڵان گەڕاوە قوتابخانە و ئەو ئەزموونانەی وەسەر یەک[illegible]ابوون، بە کەڵکی هاتن و دواتر لە نووسینەکانی‌دا دە کاری کردن.

دیکینز پاش تەواوبوون لە قوتابخانە، لە نووسینگەیەکی پاریزەری‌دا دامەزرا، بە هۆی خوێندنەوە و موتاڵا کردنەوە، هاوشێوەی زۆربەی نووسەرانی دیکەی وەکوو (دیڤۆ و ئێمیل زۆلا)، لە ئاکام‌دا ڕووی لە کاری ڕۆژنامەنووسی کرد و بۆ یەکەم جار لە مانگی مارسی ساڵی ١٨٣٢دا بوو بە هەواڵنێری پارلەمان و کاروباری گشتی و هەر لەو ڕێیەوە وردەوردە دەستی کرد بە نووسینی چیرۆک بۆ گۆڤار و بڵاڤۆکان. لە ساڵی ١٨٢٦ لەگەڵ کاترین هوگارت، کچی بەڕێوەبەری ئەو ڕۆژنامەیەی کە خۆی کاری تێدا دەکرد، ژیانی هاوبەشی پێک‌هێنا و هەرچەند دواتر جیا بوونەوە، بەڵام بەرهەمی ئەم ژیانە دە منداڵ بوو.

چارلز ئەگەرچی لە سەرەتای ژیانی‌دا داهاتێکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام پاش حەول‌ودەولێکی زۆر بۆ نووسین، ڕۆمان‌گەلی وەک ئۆلیڤێر تویست، دەیڤید کاپێرفیلد، ئارەزووە گەورەکان، ڕۆژگاری سەخت، سروودی کریسمەس، چیرۆکی دوو شاران و باقی بەرهەمەکانی دیکەی، ناوبانگ و سامانێکی زۆریان بە دیاری بۆ هێنا.

دیکێنز پتر به نووسەری سەردەمی ویکتۆریایی و حەوزەی ئەدەبیاتی کلاسیک ناسراوە و کەسایەتیی نێو چیرۆک و ڕۆمانەکانی، ڕەنگدانەوەی کەسایەتیی ڕاستەقینە و شوێندانەری کۆمەڵگاکەی خۆی و دەوروبەریەتی و لە هەمان کاتدا، چالاکێکی کۆمەڵایەتیی سەردەمی خۆی بووە.

پاش ئۆلیڤێر تویست، دیکێنز سالآنی ١٨٣٨ تا ١٨٣٩ ، کتێبی نیکۆلاس نیکلبیی بە شێوەی نامیلکە بڵاوکردەوە. خوێندنەوەی ئەم کتێبە زۆر لە شانان خۆشە و لە ڕووی دارشتن و شێوازی نووسینەوە، هیچ گرێوگۆڵێک وەبەر چاو نایە و ئەم بەرهەمە تا ڕادەیەک بەشێکە لە کارە سەرەتاییەکانی و لەگەڵ ئەوەی کە ئاسەواری داهێنانی پێوە دیارە و تەنزێکی دڵگر و فۆرمێکی تا ڕادەیەک سەرنج ڕاکێشی هەیە، بەڵام بێگومان لەبەر پێداگریی نووسەر بۆ درێژدادڕی و درێژکردنەوەی ڕۆمان(بەرهەمی سەرەکی نزیکەی هەزار لاپەڕەیە)، لە زۆربلێیی و دیمەن و کەسایەتیگەلی زیادی بێبەری نییە، کەبەستێک کە لە بەرهەمە سەرەتاییەکانی هەموو نووسەرانی گەورەی سەدەی نۆزدەدا بەرچاو دەکەوێ. لە لایەکی دیکەوە ئەم بەرهەمە وەکوو بەرهەمەکانی تری دیکێنز، زۆر بەباشی ڕوخساری دزێوی هەژاری و نادادپەروەری بەتایبەت لەمەڕ منداڵانەوە پیشان دەدا و هەرچەندە دیمەنێکی خەمهێنەری هەیە و بەپێی خووخدەی هەمیشەیی، وەکوو ڕیالیستە بۆرمخوازەکان، تاڵی و شیرنی و ناحەزی و جوانیی پێکەوە داناوە و ڕۆمانە خەمهێنەرەکەی بە ڕەنگە شادەکان ڕازاندۆتەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ بەڕێز موحسین سولەیمانی ئەم ڕۆمانەی کردۆتە فارسی و منیش هێناومەتە سەر زمانی کوردی. جێی خۆیەتی سپاسی بەڕێز دوکتور ڕەهبەر مەحموودزادە بکەم کە ئەرکی پێداچوونەوەی ئەم کتێبەی وەئەستۆ گرت و سپاسیش بۆ

www.ketab.ir

سەرنج و تێبینییەکانی کاک سەلاحەددینی ئاشتی. ڕێز و پێزانینیشم هەیە بۆ ئەندامانی بەڕێزی شوڕا و شارەداریی شاری مەهاباد کە دەستیان گرتم و یارمەتییان دام. هیوادارم خەرمانی ئەدەبیاتی کوردی زۆر زیاتر لەمە دەوڵەمەندتر بێ و چاومان پتر بە ئەدبیاتی ڕۆژاوا بکرێتەوە. پاکانە بۆ قەڵەمەکەم ناکەم و زانستی ئەدەبیی چۆنی هەڵسەنگاند، پێی ڕازیم.

زانیار قادرزادە

سەرماوەزی ۹۳ی هەتاوی

بۆ نووسینی ئەم پێشەکییە، سەرنجم داوەتە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:
١- دیکێنز، چارلز، نیکۆلاس نیکلبی. وەرگێڕاوی موحسینی سولەیمانی، چاپی دووهەم، ١٣٨٩ی هەتاوی، ئینتشاراتی ئۆفۆق، تاران.
٢- ویکیپیدیا، دانشنامەی آزاد، چارلز دیکنز.
٣- ژیاننامەی چارلز دیکێنز،ماڵپەڕی: www.rahpoo.com

www.ketab.ir